## بۆ ئەو نەخۆشانەی نەشتەرگەریان بۆ ئەنجامدەدرێت

بۆ زانیاری زیاتر لە وێبسایتەکەمانەوە www.sheffieldchildrens.nhs.uk/patients-and-parents/wards/

## بەخێربێن بۆ نەخۆشخانەی منداڵانی شێفیڵد

نامیلکەی زانیاری بەشێوەیەك دروستکراوە بۆ ئەوەی یارمەتیت بدات لە ئامادەکردن بۆ مانەوەت لە نەخۆشخانە.
سەردانی نەخۆشخانە لەوانەیە قورس بێت بۆ منداڵان و پێگەیشتووانیش. دەمانەوێت دڵەڕاوکێ کەمبکەینەوە و یارمەتیدەربین لە نەهێشتنی پاڵەپەستۆ بەپێی توانا لەکاتی سەردانیکردنتدا.
ئەگەر پرسیارێکت هەیە و وەڵام نەدراوەتەوە لەم نامیلکەیەدا، تکایە پەیوەندی بەو ژمارەیە بکە کە لەسەر نامەی چاوپێکەوتنەکەتدایە.
دەتوانیت زانیاری زیاتر لە وێبسایتەکەمانەوە دەستبخەیت www.sheffieldchildrens.nhs.uk/patients-and-parents/wards/

## ناوەرۆک

ئامادەکاری بۆ نەخۆشخانە
چی ڕوودەدات لەو ڕۆژەدا؟
مانەوە لە شەودا
چوونەوە بۆ ماڵەوە
زانیاری گشتی
ژمارەی تەلەفۆنی بەسوود
نەخشە و هۆکاری گواستنەوەی گشتی

## ئامادەکاری بۆ نەخۆشخانە

### بۆ کوێ ئەچین؟

لە گوزەری سەرەکی نەخۆشخانەوە، تکایە بەدوای نیشانەی بۆ ژووری یەکەی وەرگرت (Theatre Admissions Unit) (TAU) بکەوە.
باڵی سەوزی نەخۆشخانە. ئامۆژگاری نەخشە و گەشتکردن دەتواندرێت دەستبخرێت لە کۆتایی ئەم نامیلکەیە.

### ئەبێت چ کاتێك بگەینە ئەوێ؟

تکایە کات دابنێ بۆ گەشتکردن و ئۆتۆمبێل ڕاگرتن. نزیکترین گەراج بریتیە لە گەراجی Q Park لە ناونیشانی Durham Rd, S10 2JA .
ئەو کاتەی دیاریکراوە لەسەر نامەکەت بریتیە لە کاتی داخیلبوون. ئەوە ئەو کاتە نیە کە منداڵەکەت بچێتە ژوورەوە یان شوێنی تیشك گرتن.

### ئایا ماوەی چەند چاوەڕوانکراوە بۆ مانەوەی من؟

ئەمە دەوەستێتە سەر ئەوەی ماوەی چەند منداڵەکەت دەچێتە ژوورەوە و درێژی ماوەی پرۆسیجەرەکە. تێکڕای ماوەی مانەوە لە TAU بریتیە لە لە چوار بۆ هەشت کاتژمێر.

### پێویستە چی بهێنین لەگەڵ خۆمان؟

نامەی چاوپێکەوتن و هەر دەرمانێکت هەیە لەگەڵ خۆتی بهێنە. پێویستە منداڵەکەت هەر دەرمانێك بەکاربهێنێت کە هەیەتی لە ڕۆژی داخڵبوون جگە لەوەی ئەگەر بەشێوەیەکی جیاواز تر ڕێنموونی کرابن.
جلی ڕۆب و نەعل بهێنە بۆ منداڵەکەت. نەخۆش ڕۆبێکی پێدەدرێت لەکاتی چوونیان بۆ ژوورەوە و بۆیە پێویست بە بێجامە ناکات. هەرچۆنێک بێت و ئەگەر لە قاوش دەمێنیتەوە، کیسەیەکی کەل و پەلی شەو بێنە وەکو بێجامە و فڵچەی ددان و هتد.
ئێمە دایبی دابین ناکەین، بۆیە تکایە کەرەستەی خۆت بهێنە ئەگەر منداڵەکەت پێویستی پێیەتی.
ئەگەر منداڵەکەت نەشتەرگەری پێ یان پەنجەی پێی بۆ ئەنجامدەدرێت، ئەوا تکایە پێڵاوی پەنجەپێ کراوە بهێنە.
ئێمە چالاکی و یاریمان هەیە لە قاوشەکان و شوێنەکانی چاوەڕوانی، منداڵەکەت دەتوانێت ئەوانەی خۆشی بهێنێت.
تکایە کەل و پەلی گرانبەها لەگەڵ خۆت مەهێنە. بیمە ناتوانێت بەرپرس بێت لەهەر زیان و تێکچوونێك.

### دەتوانم پرسیار بکەم؟

بەدڵنیاییەوە، ئێمە هانی نەخۆش و خێزانەکانان دەدەین بۆ ئەوەی پرسیار بکەن لەکاتی هاتنیان بۆ نەخۆشخانە. لەوانەیە بتەوێت پێشوەختە بیر لە پرسیارەکانت بکەیتەوە و بیاننوسیت.

### ئایا سەردانیکەر ڕێگەپێدراوە؟

#### ژووری یەکەی داخڵبوون

پێویستە دایبابێك یان سەرپەرشتیارێك لەگەڵ منداڵەکە بێت بۆ ئەوەی فۆڕمی ڕێگەپێدان واژووبکات.
تکایە ئاگاداربە کە تەنها دوو کەسی پێگەیشتوو دەتوانن لەگەڵ منداڵەکەت بن. کەسانی خوار 16 ساڵ، بە خوشك و براشەوە، ناتوانن ئامادەبن - جگە لە منداڵی خوار 6 مانگان.

#### لە قاوشی نەخۆش

نەخۆشخانەکە یاسای سەردانی کراوەی هەیە، کە ڕێگە بە سێ سەردانیکەر دەدات بۆ سەر قەرەوێڵەی نەخۆش لە هەمانکاتدا. هەر سەردانیکەرێك لەمە زیاتر داوای لێدەکرێت چاوەڕوانبێت لە شوێنی یاری یان چاوەڕوانی. تکایە ئاگاداربە کە خوشك و برای خوار پێنج تەنها دەتوانن سەردانی بکەن بە وەرگرتنی ڕەزامەندی پێشووی پەرستاری بەرپرس. هەموو منداڵێکی خوار 16 پێویستە لەگەڵ کەسێکی پێگەیشتوو بن.
تکایە هێمنی قاوشەکان بپارێزە بۆ خێزانەکانی تر و داوا لە سەردانیکەرانت بکە شوێنەکە جێبهێڵن لە کاتژمێر 8ی ئێوارە. تکایە قسەبکە لەگەڵ پەرستارەکان ئەگەر هەر گرفتێکت هەیە لەبارەی سەردانیکردنەوە.

### ئەی چی ئەگەر منداڵەکەم دڵەڕاوکێی هەبوو سەبارەت بە داخڵبوونی نەخۆشخانە؟

ئەتوانیت منداڵەکەت ڕۆژێك پێشتر بهێنیت بۆ ئەوەی سەیرێکی دەوروبەر بکات، بۆ ئەوەی هێوربێتەوە لە ترس لەبارەی هاتن بۆ نەخۆشخانە. بۆ ڕێکخستنی ئەمە، پەیوەندیمان پێوەبکە لە ڕێگای 01142717343 یان 2717393.

### چۆن دەتوانم یارمەتی منداڵەکەم بدەم بۆ ئامادەکردنی بۆ پرۆسیجەر و سڕکەر؟

ئەوە گرینگە بۆ ئەوەی منداڵان هەندێك بزانن لەبارەی ئەوەی چاوەڕوانی چی بکەن لەکاتی هاتنیان بۆ پرۆسیجەر. تکایە سەردانی وێبسایتەکەمان بکە بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی سڕکردنی گشتی، ئامۆژگاری و نامیلکەی نووسراو بۆ منداڵان و پێگەیشتوان:
www.sheffieldchildrens.co.uk/ga

**ئەی چی ئەگەر پێویستیمان بە وەرگێڕ بوو؟**
بۆ دابینکردنی وەرگێڕ، تکایە پەیوەندی بەو ژمارەیەوە بکە کە لەسەر نامەی چاوپێکەوتنەکەتدایە.
**ئەی چی ئەگەر منداڵەکەم خاوەن پێداویستی تایبەت بوو؟**
ئەگەر منداڵەکەت خاوەن پێداویستی تایبەت بوو، تکایە پەیوەندی بکە بە ژووری یەکەی داخڵبوون بەو ژمارەی خوارەوە پێش گەیشتنت بۆ ئەوەی قسە لەسەر شوێن و تایبەتمەندیەکانمان بکەین. ئێمە کەرەستەی یاریدەدەر بەکاردەهێنین وەکو ماکاتۆن، کەرەستەی نیشانە و سیستەم پەیوەندی ئاڵوگۆڕی وێنەیی بۆ یارمەتیدانی منداڵان و دایبابیان.
**پێویستە چی بکەین ئەگەر نەمانتوانی ئامادەبین؟**
گرینگە ئاگادارمان بکەیتەوە ئەگەر منداڵەکەت نەیتوانی ئامادەی چاوپێکەوتنەکە بێت و بۆ ئەوەی کاتەکەی بدەین بە کەسێکی تر.
تکایە بە زووترین کات پەیوەندی بەو ژمارەیەوە بکە کە لەسەر نامەی چاوپێکەوتنەکەتدایە.
**ئەی چی ئەگەر منداڵەکەم باش نەبوو؟**
تکایە پەیوەندی بکە بۆ ئامۆژگاری لە ڕێگەی 01142717343
**ئایا منداڵەکەم دەتوانێت بخوا و بخواتەوە بەر لە پرۆسیجەرەکە؟**
زۆر گرینگە کە کاتەکانی برسی بوون پەیڕەو بکرێت بەگوێرەی نامەی داخڵبوون. تکایە پەیوەندی بکە بە TAU بۆ زانیاری زیاتر.

## چی ڕوودەدات لەو ڕۆژەدا؟

**هەنگاوی یەکەم: هەڵسەنگاندنی سەرەتایی**
کاتێك دەگەیت بە ژووری یەکەی داخڵبوون، ئەوە ئەندامێکی تیمی ژووری یەکەی داخڵبوون پێشوازیت لێدەکات. بازنێکی دەست لە دەستی منداڵەکەت دەکەن و کرێمی سڕکردنی لێدەدەن. ئینجا دواتر منداڵەکەت دەکێشرێت و لەشوێنی چاوەڕوانی سەرەکی دادەندرێت.
**هەنگاوی دووەم: داخڵبوون**
چاوت بەو تیمە دەکەوێت کە کارو باری منداڵەکەت بەڕێدەکەن. ئەمە یەکێك لە پەرستارەکانی تیمەکەیە، نەشتەرکارێك و سڕکەرێك دەگرێتەوە.
نەشتەرکارەکە پرۆسیجەرەکە ڕووندەکاتەوە.
سڕکەرەکە باسی کاری سڕکردن و نەهێشتنی ئازاری منداڵەکەت دەکات.
ئەگەر تا ئێستا ئەمەت نەکردووە، ئەوە داوات لێدەکرێت فۆڕمێکی ڕەزامەندی واژوو بکەیت و ڕەزامەندی دەرببڕیت لەسەر ئەوەی کە تێگەیشتوویت لە هەموو شتەکان. ئەم ڕەزامەندیە تەنها لەلایەن دایبابەوە دتوانرێت بدرێت و هیچ خزمێك ناتوانێت ئەم ڕەزامەندیە بدات. ئەگەر منداڵەکەت بەپێی پێویست گەورەیە و تێبگات لەوەی کە چی دەگوزەرێت ئەوا دەتوانێت ڕەزامەندی بدات.
**هەنگاوی سێیەم: چاوەڕوانیکردن بۆ پرۆسیجەرەکەت**
تۆ و منداڵەکەت دەتوانن چاوەڕوان بن لەشوێنی چاوەڕوانی/یاری یان ژووری پێگەیشتوان تا ئەوکاتەی منداڵەکەت دەچێتە ژووری داخڵبوون.
گرنگە بۆت کە یەکەکە بەجێنەهێڵیت دوای ئەوەی داخڵکرایت.

**ئایا پێم دەگوترێت کەوا کەی منداڵەکەم پرۆسیجەرەکەی تەواو دەبێت؟**
ئەگەر کرا ئەوە تیمەکە کاتێکی نزیکەییت پێدەڵێن. بەڵام لەوانەیە کاتەکە بگۆڕێت ئەگەر حاڵەتێکی لەناکاو هات یان ئەگەر کەیسێکی پێشوو زیاتری پێچوو.
بەداخەوە لەوانەیە هەندێك لە پرۆسیجەرەکان ڕەت بکرێنەوە بە پێدانی ئاگاداری لە ماوەیەکی زۆر کەم. هەمیشە هەوڵدەدەین کە ئاگادارت بکەینەوە.
**ئایا دەتوانم لەگەڵ منداڵەکەم بچمە ژووری نەشتەرگەری؟**
تەنها یەکێك لە دایباب دەتوانێت لەگەڵ منداڵەکە بچێتە ژووری سڕکردن. هەندێکجار ئەوە مەحاڵە، بەتایبەتی لەگەڵ منداڵی زۆر ساوا. خزمانی تر دەتوانن لەدەرەوەی ژوورەکان چاوەڕوانبن.
کاتێك کە منداڵەکەت نووستوە، ئامێرێکت دەدرێتێ کە لێدەدات کاتێك ئەو وەختە دێت بۆ ئەوەی بە منداڵەکەت شادبیتەوە لە شوێنی چاکبوونەوە.
**چی ڕوودەدات لەدوای نەشتەرگەریەکە؟**
منداڵەکەت بەخۆدێتەوە لە ژووری چاک بوونەوە، دەبردرێتەوە بۆ ژووری یەکەی داخڵبوون یان بۆ قاوشی نەخۆش کە لەوێ چاودێری دەکرێت بۆ ماوەی مانەوەکەی.
پەرستارەکە ئاگادارت دەکاتەوە کاتێك کاتی گونجاو دێت بۆ خواردن و خواردنەوە لەدوای نەشتەرگەری.
**ئایا ئەوە چەندی پێدەچێت؟**
زۆربەی نەخۆشەکان ڕێگایان پێدەدرێت هەمان ڕۆژ بگەڕێنەوە ماڵەوە. لەوانەیە لەو یەکەیە بمێننەوە بۆ ماوەی نێوان چوار بۆ هەشت کاتژمێر.
**ئایا پێویست دەکات منداڵەکەم لە شەودا بمێنێتەوە؟**
بۆ هەندێك پرۆسیجەری سادە، لەوانەیە پێویست بکات منداڵەکەت لەو یەکەیە بمێننەوە بۆ ماوەی چوار بۆ هەشت کاتژمێر. ئەگەر پێویست بکات بە شەو بمێنێتەوە، ئەوە ئاماژەی پێدەدرێت لە نامەی چاوپێکەوتن. هەرچەندە کە مانەوەی شەو پێویست نیە، هەندێك جار چاکبوونەوەی منداڵ زیاتری پێدەچێت، یان لەوانەیە پزیشك بیەوێت چاودێری بکات لە شەودا. ئەگەر ئەمە ڕوویدات، ئەوا خۆت و منداڵەکەت دەگوازینەوە بۆ قاوشی مانەوەی شەوان.
**ئایا خۆراک بۆ من و منداڵەکەم دابین دەکەن؟**
نانی بەیانی، نانی نیوەڕۆ و نانی ئێوارە ڕۆژانە داوا دەکرێت تەنها بۆ نەخۆش. سوکە ژەم دابین دەکرێت لەنێوان ژەمەکانی خواردن ئەگەر داوا بکرێت.
ئەگەر نەخۆشەکە شیری دایکی دەخوارد، ئەوا ژەمە خواردنەکان بۆ دایکەکە دابین دەکەین.
**ئایا دایباب دەتوانێت شەو بمێنێتەوە؟**
ئێمە هانی تەنها یەك دایباب/چاودێر دەدەین بۆ مانەوە. لەهەر شوێنێکی قەرەوێڵەی مانەوە، تەنها یەك قەنەفەی قەرەوێڵیی لێیە بۆ یەك دایباب بمێنێتەوە. ستافی شەو ئامۆژگاریت دەکەن بۆ ئامادەکردنی شوێنەکە و هەروەها چەرچەف و بالیفت بۆ ئامادە دەکەن.
بژاردەی تری مانەوەی شەوانە ئەوانە دەگرێتەوە:

خانووی تریتۆپس و ماگنۆلیا - بەڕێوەدەبرێت لەلایەن متمانەی منداڵی نەخۆش، ئەم دامەزراوانە 24 ژووریان هەیە بۆ دایباب. هەردوو شوێنی مانەوە شوێنی گشتیشیان هەیە وەکو چێشتخانە، شوێنی دانیشتن و شوێنی جلشۆرگە. ژوورەکان ناتوانرێت پێشوەختە حیجز بکرێن و دەدەرێن بەو کەسانەی کە یەکەمجار دێن. ستافی قاوش دەتوانن پرسیارت بۆ بکەن کاتێك کە منداڵەکەت داخڵ دەکرێت.
پاکت هاوس (PACT House) - ئەمە لە مەودایەکی نزیکی نەخۆشخانەیە بە پێ و خزمەتگوزاری لە ماڵ بۆ ماڵ پێشکەش دەکات بۆ ئەو خێزانانەی قاوشی م 3 (M3)بەکاردەهێنن.
زانیاری لەسەر هۆتێل و شوێنی مانەوە بەردەستە لە قاوش و خزمەتگوزاری ئامۆژگاری و هەماهەنگی نەخۆش.
**کێ چاودێری منداڵەکەم دەکات؟**
هەر قاوشێك تیمێکی پەرستاری منداڵان، پزیشکان و ستافی تری هەیە کە چاودێری منداڵەکەت دەکەن لەگەڵ تۆ. ڕاوێژکارەکەت یان ئەندامێکی تیمەکە ڕۆژانە بەلایەنی کەمەوە یەك جار منداڵەکەت دەبینن.
**ئایا شەوانە دەنگە دەنگ زۆرە لە قاوش؟**
ئێمە هەوڵدەدەین قاوش بێدەنگ بکەین لە ئێواران، بەڵام چاودێری نەخۆش لەهەموو کاتێکدا بەردەوامە بە ڕۆژ و بە شەو. تکایە هێمنی قاوشەکان بپارێزە بۆ خێزانەکانی تر و داوا لە سەردانیکەرانت بکە شوێنەکە جێبهێڵن تا کاتژمێر 8ی ئێوارە.

## مانەوە لە شەودا

کاتێك منداڵەکەت ئامادەیە بۆ دەرچوون و چوونە ماڵەوە، پشکنینی کۆتایی لەلایەن پزیشك و پەرستارەکانەوە ئەنجامدەدرێت. لەوانەیە پێویست بکات کە دەرمان داوا بکرێت لە دەرمانخانە یان چاوپێکەوتنی دواتر بۆ دڵنیابوون لە چاکبوونەوەی نەخۆش دیاریبکرێت بەر لەوەی بڕۆیت.
تکایە دڵنیابە لەوەی هەندێ ئازار شکێنت هەیە لە ماڵ بەر لەوەی منداڵەکەت دەرچێت لە نەخۆشخانە، چونکە ئێمە بەشێوەیەکی گشتی ئەمە دابین ناکەین. ستافی قاوش زانیاریت پێدەدەن لەبارەی دەرچوون.
پێویستە خۆت هۆکاری هاتوچۆ دابینبکەیت بۆ چونەوە ماڵ.

**ئایا هیچ شتێك هەیە کە منداڵەکەم نەتوانێت بیکات لەدوای پرۆسیجەرەکە؟**
لەوانەیە هەندێك سنوورداری هەبن. ئەمە ڕووندەکرێـەوە لەلایەن پەرستارەکەتەوە.
**ئەی چی ئەگەر کێشەیەك دروستبوو دوای چوونەوەمان بۆ ماڵ؟**
منداڵەکەت تەنها لەو کاتەدا دەنێردرێتەوە ماڵ کە تیمەکە بڕیار دەدەن ڕۆیشتنەوە بێکێشەیە.
هەرچۆنێک بێت و ئەگەر منداڵەکەت هەرکێشەیەکی هەبێت دوای گەڕانەوە ماڵ، تکایە پەیوەندی بە قاوش، پزیشکی خێزانیت بکە یان منداڵەکەت ببە بۆ نزیکترین بەشی فریاکەوتنی و ڕووداو.

## چوونەوە ماڵ

## زانیاری گشتی

**ساردەمەنی و بازاڕ**
ڕێستۆرانتی پاڕك ساید نزیکە لە بەشی نەخۆشی دەرەکی و هەفتەی حەفت ڕۆژ کراوەیە.
نانی بەیانی لە 8ی بەیانیەوە تاوەکو 11:30 بەیانی دەبێت
نانی نیوەڕۆ لە 12ی دوای نیوەڕۆ بۆ 2:30ی دوای نیوەڕۆ دەبێت
چا لە 3:30ی دوای نیوەڕۆ بۆ 7ی دوای نیوەڕۆ دەبێت
هەروەها قاوەخانەیەك هەیە لە شوێنی چوونە ژوورەوەی نەخۆشخانە کە خواردنەوەی گەرم و سارد و سووکە ژەم دابین دەکات.
دوکانی هاوڕێیانی نەخۆشخانەی منداڵان کەوتۆتە ڕاڕەوی درێژی نزیك تیشك. شوێنی فرۆشتنی ڕۆژنامە کراوەیە لە کاتژمێر 7ی بەیانی بۆ 5ی ئێوارە، لە ڕۆژی دووشەممە تاوەکو ڕۆژی هەینی، وە ڕۆژنامە، گۆڤار، خواردنەوەی سارد، شیرنەمەنی، چپس و سووکە ژەم دەفرۆشێت.
ژمارەیەك لە مەکینەی دابینکردنی خواردنەوە، سووکە ژەم، خواردنی گەرم و سارد هەیە لەناو نەخۆشخانەکەدا.
هەروەها خزمەتگوزاری گەیاندنی خواردنمان هەیە بۆ دایباب و چاودێران. داواکردنی نانی نیوەڕۆ لەنێوان
8:30ی بەیانی و 11ی بەیانی لەگەڵ ژەمی گەیەندراو دوای 12:45ی دوای نیوەڕۆ و داواکردنی نانی ئێوارە تاوەکو 3:45ی ئێوارە و گەیاندنی دووای 4:30ی ئێوارە. بۆ کۆپیەکی مێنو تکایە لە ئەندامێکی ستافی قاوش بپرسە. دەتوانیت خواردن داوا بکەیت بە پەیوەندیکردن بە 17814 لە تەلەفۆنێکی ناخۆ یان ئیمەیڵ ناردن بۆ support.services@sch.nhs.uk

**تەلەفۆن و مۆبایلەکان**
ژمارەیەك تەلەفۆنی بە پارە هەیە لە نەخۆشخانەکەدا. مۆبایل ڕێگە پێدراوە لە هەموو شوێنێك جگە لە چاودێری چڕ، یەکەی نەشتەرگەری نیۆناتاڵ و ژوورەکانی وەرگرتن. تکایە وێنە مەگرە بەبێ وەرگرتنی ڕەزامەندی و دڵنیاشبە لەوەی کە مۆبایلەکەت بێدەنگکراوە.

**مەکینەی پارەی نەخت و پارەی نەخت وەرگرتنەوە**
نزیکترین مەکینەی پارەی نەخت دەکەوێتە یەکێتی قوتابیانی زانکۆی شێفیڵد لە وێستێرن بانك لە کۆوپ لە خوارەوەی شەقامی کلارکسن.
ڕێستۆرانتی پاڕکساید دەتوانێت پارەی نەخت بداتەوە بۆ دێبیت کارد پاش بەکارهێنانی 5 پاوەن بەلایەنی کەمەوە.

**ئاسایش لە قاوش**
قاوشەکان هەموو کات پارێزراون. دایباب و سەردانیکەران داوایان لێدەکرێت بۆ داگرتنی دوگمەیەکی تەلەفۆنکردن و چاوەڕوانبن بۆ ئەوەی ستاف وەڵامیان بدەنەوە و داخڵی قاوشیان بکەن. تکایە مەهێڵە کەسیتر بێتە ژوورەوە.

**پێداویستیە ئاینیەکان**

سەنتەرێك دابینكراوە بۆ هەموو ئەوانەی دەیانەوێت هەندێك كات بەسەربەرن بۆ نوێژكردن یان بێدەنگی ناخ.  نەخۆشخانەكە شوێنێكی هەیە و لەگەڵ دەستگەیشتن بۆ كەسانی هەموو بیرو باوەڕێك.  ئەو سەنتەر و ژوورە بۆ ماوەی 24 كاتژمێر كراوەیە و دەكەوێتە نهۆمی D لە بلۆكی چوونە ژوورەوەی سەرەكی، لەتەنیشت یەكەی سایستیك فیبرۆسیس.  پەیوەندی بكە بە 01142717338 یان قسە بكە لەگەڵ هەر ئەندامێكی ستافی پەرستاران بۆ زانیاری زیاتر.

**كۆنترۆڵكردنی تووش بوون**

تكایە یارمەتیدەربە لە بەرگرتن لە بڵاوبوونەوەی نەخۆشی بە:

- دەست شۆردن
- بەكارهێنانی جەلی دەست لەكاتی چوونە ژورەوە و چوونەدەرەوەی بەشەكان
- هەوڵدان بۆ نەهێنانی منداڵ و برا و خوشك لەكاتی چاوپێكەوتن
- ئەگەر منداڵەكەت نەخۆشی گوازراوەی هەیە، ئەوا پەیوەندیمان پێوە بكە پێش بەڕێكەوتن لەڕێگای 01142717343.

**جگەرە كێشان قەدەغەیە**

هەموو شوێنێكی ئێمە جگەرە كێشان تێیدا قەدەغەیە.  ئەمە جگەرەی ئەلیكترۆنیش دەگرێتەوە.

**كێشە یان گلەیی**

ئەگەر گلەیت هەیە، تكایە قسە لەگەڵ ئەندامێكی ستاف بكە.  ئەگەر نا پەیوەندی بكە بە خزمەتگوزاری ئامۆژگاری و هەماهەنگی نەخۆش لەڕێگەی 01142717594.

ئەگەر ڕازی نیت بە چاودێریەكەت، دەتوانیت داوای پەڕاوێكی گلەیی بكەیت.  ئەمە پێت دەڵێت كە پێویستە بۆ كێی بنووسیت و چۆن گلەییەكەت وەڵام دەدرێتەوە.   ئەم زانیاریە بەردەستیشە لە www.sheffieldchildrens.nhs.uk

ئەگەر گلەیت هەیە، تكایە قسە لەگەڵ ئەندامێكی ستاف بكە.  ئەگەر نا پەیوەندی بكە بە خزمەتگوزاری ئامۆژگاری و هەماهەنگی نەخۆش لەڕێگەی 01142717594.

## نەخۆشخانەی خێرخوازی منداڵان

بۆ زانیاری زیاتر لەسەر پلانەكانمان و چۆن دەتوانیت یارمەتیدەرمان بیت بۆ باشتركردنی شتەكان، سەردانی ئەم لینكە بكە www.tchc.org.uk

ئێمە هەرگیز ناوەستین لە داواكردنی باشتر بۆ منداڵانمان و خێزانەكانیان بۆیە هەرگیزیش ناوەستین لە داواكردنی یارمەتی ئێوە.

ببەخشە، بەشداربە و باشتریبكە! www.tchc.org.uk

## چۆن پەیوەندی بە نەخۆشخانەكەوە بكەم - ژمارەی تەلەفۆنی بەسوود

بگۆڕی سەرەكی نەخۆشخانە 01142717000
خزمەتگوزاری ئامۆژگاری و هەماهەندگی نەخۆش
ژووری یەكەی داخڵبوون 7393/01142717343
قاوش M1 0114 271 7525 / 7524
قاوش M2 0114 271 7298 / 7332
قاوش M3 0114 271 7309 / 7322
قاوش S1 114 271 7345 / 7398
قاوش S2 (زانستەكانی مێشك) 0114 271 7784 / 7758
قاوش S3 114 271 7392 / 7394
یەكەی سوتان 01142260694
یەكەی توێژینەوەی پزیشكی 01142267846
یەكەی پشتپێبەستنی بەرز  01142717437
یەكەی چاودێری چڕ 7205/01142717362
یەكەی نەشتەرگەری نیۆناتاڵ 01142717324
نەخۆشخانەی خێرخوازی منداڵان 01142717203

**/www.sheffieldchildrens.nhs.uk/patients-and-parents/wards**

* هاوڕێكانت دەتوانن یارمەتیت بدەن كاتێك پێویستیت بە ئامۆژگاریە، كێشەت هەیە یان ناتوانیت بچیت بۆ كوێ پێویستە داییاب هاتووچۆ بۆ و لە نەخۆشخانەوە بۆخۆیان ڕێكبخەن بۆ چاوپێكەوتنەكە.